# خوێندنی قورئانی پیرۆز بە بڵندگۆ ( مكبرة ) لە پێش دەست پێكردنی ووتاری هەینی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**


**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# قراءة القرآن في مكبرات الصوت قبل الجمعة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# خوێندنی قورئانی پیرۆز بە بڵندگۆ ( مكبرة )

# لە پێش دەست پێكردنی ووتاری هەینی

**پرسیار:** لە زۆرێك لە مزگەوتەكانی هەرێمی كوردستان لە پێش دەست پێكردنی ووتار و نوێژی هەینی قورئانی پیرۆز بە بڵندگۆ ( مكبرة ) دەخوێنرێتەوە، ئایا حوكمی ئەم كارە؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

قورئان خوێندن لە موكەبرات و بڵندگۆی مزگەوتەكانەوە لەڕۆژانی هەینی، ئەوەی ئێمە بەدوایداچووبین، هیچ بەڵگەیەكی شەرعیمان لەسەر نەبینیوە نە لە قورئان ونە لە سوننەت و تەنانەت لەسەردمی زێڕێنی ئیسلامیشدا، وە هیچ كەسێك لە خەلیفەكان و هاوەڵانی بەرێز و سەلەفی صالحی ئوممەتی ئیسلام نەیانكردووە، بگرە نەك هەر هێندە بە لێكدانەوەی ( مصالح و مفاسد ) كە قاعیدەیەكی گەورەی مەقاصدی ئیسلامە، دروست

نییە قورئـانـی پیرۆز بـەو شێوەیە بخوێنرێت، چونکە دەبێتە هۆی نارەحـەتکردن و ئـەزیـەتدانـی خـەڵکی، و تـەنانـەت ئـەو نوێژخوێنانـەشی کە زوتر دێنە مزگەوت وخـەریکی نوێژ کردن، و قورئـان خوێندنن، دیارە ئـەو بڵند گۆیانـە دەبنە هۆی لـێ تێکدان و تـەشویشی بیرکردنـەوە لـەقورئـان خوێندنـەکـەیان، پێغـەمبـەریش (صلـی اللـه علیه وسلم) فـەرموویـەتـی : « لا يجهر بعضكم على بعض بالقرآن » [قال الحافظ بن حجر وهو صحيح من حديث البياضي في الموطأ وأبي داود وغيرهما]

واتـە : با هـەندێکتان بـە قورئـان خوێندن دەنگ بـەرز نـەکاتـەوە بـەسـەر هـەندێکی ترتاندا ... دیارە ئـەمـەش لـەبـەر ئـەوەیە کە هـەرکـەس بۆ خۆی قورئـان بخوێنێت بۆ ئـەوەی لـەهاوەڵـەکەی تێك نـەدات .

قورئـان خویندن بـە بڵندگۆی مزگـەوتـەکان لـەگـەڵ ئـەوەی لـەقورئـان خوێنانـی نـاو مزگـەوتـی تێك دەدات دەبیتـە مایـەی بێزارکردنـی دراوسێکانیش، پێغـەمبـەرش (صلـی اللـه علیه وسلم)فـەرموویـەتـی : « من احدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد » [ متفق علیـه ] واتـا : هـەر

کەسێك لەم ئاینەی ئیمەدا شتێك دابهێنێت و تێیدا نەبێت ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەدریتەوە بەسەرریدا ....

وەك ووتیشمان ئەم کارە نە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم) کردوویەتی و نەفەرمانیشی پێکردووە و نە لەسەردەمی هاوەڵان و سەلەفی صالحدا کراوە، کە ئەوان نەیانکردبێت دیارە هیچ مەشروعیەتێکی نییە، ئەگەر باش بوایە و خێری تێدا بوایە ئەوان ئەنجامیان دەدا...

خوای گەورەش زاناترە .